**بەڕێز سەرۆكی هەرێم**

**نە جارێك كارەسات و نە دوو**

**( نامەیەكی سەرئاوەلا )**

**پاریزەر : كامیل ژیر**

لە پەیامەكەی ئیوارەی 2011/3/3تاندا لەجێی خۆیدایە كە ئاماژەتان بۆچارەسەركردنی بریندار ەكان كر دوە . بەلام هیچ ئاماژەیەكی بۆ چارەسەركردنی مافی ئەو بریندارانەو شەهیدەكان تیدانیە ! ئەمە ئەگەر پشتگوێخستنی ئەو مافەیە ، ئەوە جارێك كارەساتە . خۆ ئەگەر لەبیرچوونی ئەو مافەیە كە نابێ لەبیربكرێت، ئەوە دوو جار كارساتە .

مافی یەكەمی ئەو شەهیدانەو مافی بریندارەكانیش ، سزادانی بكوژان و برینداركەرەكانە . دوەم مافیشیان قەرەبووكر دنەوەیە . جا ئەگەر بەرێزتان لەگەڵ ئەو دوو مافەیاندا نین ، ئەوە جارێك كارەساتە. ئەگەر پەییشتان بەو دوو مافە نەبردوە ، یا ئەیزانن و ناتانەوێ تاوانكاران سزا بدەن, ئەوە دوو جار كارەساتە!

لە پەیامەكەتاندا بە جوانی وتوتانە ئەبێ گەلی ئێمە ئازادبێ لە خۆپیشانداندا و ناتانەوێ لە كوردستانێكدا بژین ئەگەر میلەتی كورد تێیدا ئازادو سەرفراز نەبێت. بەڵام هەر خۆشتان لە یاسای خۆپیشاندانا ئەو ئازادیەتان نەهێشت بەوەی ئەبێ پێشەكی رەزامەندی بۆ خۆپیشاندان وەرگیرێ كە ئەمە لە راستیدا رێگریە لە خۆپیشاندان. جا ئەگەر ئێستا, دوای ئەو وتانەی بەرێزتان, ئەو یاسایە نەخەنەوە دوخی جارانی, ئەوە جارێك كارەساتە. ئەگەر ئەو كۆتو بەندەش هەر لە دەستو پێی ئەو یاسایەدا بمێنێتەوەو بەرێیزیشتان هەر لە كوردستاندا بژین! ئەوە دوو جار كارەساتە !

لە پەیامەكەتاندا وەك داخوازیەكی رەوا داوای چاكسازیو موعالەجەی ئەساسیتان كردوە. بەڵام ئەوەتان نەوتوە ئەبێ لە خودی بەرێزتانو خودی بەڕێز مام جەلالەوە دەستپێبكات, بەوەی سامانی خۆتانو سامانی خواردەستەكانتان لە ئەندامانی سەركردایەتی دوو حیزبەكەتانو خزمو خوێشتان پیشانی میللەت بدەن, سامانی ئاشكراو سامانی ژێر پەردەش, كە بریتیە لە كۆمپانیاو پرۆژەكانو پارەی سپی نەوتە رەشەكەو چیو چیتر. جا ئەگەر سەرەتا بەم هەنگاوە دەستپێنەكەنو هەموو سامانێكی زیادەتان هی ئاشكراو هی ژێر پەردەش نەگێرنەوە بۆ مولكی گشتی, ئەوە جارێك كارەساتە. ئەگەر واشبزانن میللەت بێخەبەرە لەو سامانانە ، ئەوە دوو جار كارەساتە.

**لە پەیامەکەتاندا ئاماژەتان بۆ هەڵبژاردنی گشتی پێشوەخت کردوە . ئەو هەلبژاردنە ئەگەر هەروەك ئەوانەی پێشوو بەشێوازی( لیست ) و تەنیا بۆ گۆرینی دەموچاوەکانبیّ و مووچەی زۆرو خانەنشینیو زەوی و ماشین ، مافی خەڵکیان لەبیر بباتەوە، ئەوە جاریك کارەساتە . ئەگەر شێوازەکە نەگۆڕن بۆ( بازنەیی ) بۆئەوەی پەرلەمانکارەکان ببنە نوێنەری خەڵك و هەر ناوچەیەو نوێنەری خۆی بناسیّ و لیپرسینەوەی لەگەڵدا بکات ، ئەوە دوو جار کارەساتە .**

**بەهۆی دیاردەی پە نجا بە پە نجاوە پێشتر فەرمانگەکانتان پڕکرد لە خەڵکی نەشارەزاو نا پێویست و ئەوەش بوە هۆی هەڵئاوسان و زیادکردنی رۆتین و تەگەرە لەڕێی ئیش و کاری خەڵکیدا ، ئەوە جاریك کارەساتبوو . ئیستاش کە شانازی بەوەوە ئەکریّ25هەزار فەرمانبەریتر دامەزرێنریّت بەبیّ کردنەوەی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری بۆیان ، ئەوە دووجار ئەبیتە کارەسات .**

**لە پەیامەکەتاندا ر اشکاوانە دانتان بە داواکارییەکانی گە نجەکاندا ناوەو بە پێشنیاری زورزور چاك و زور بەنرخ ناوتانبردوون . ئەگەر لەماوەیەکی دیاریکراودا ، بەریکەوتن لەگەڵ ئە نجومەنی کاتیی مەیدانی ئازادی ، نەتوانن ئەو داواکارییە( 11+26 ) خاڵەرەوایانە جیبەجێکەن ، ئەوە جارێك کارەساتە . ئەگەر لەگەڵ ئەو نەتوانینەشدا هەر دەسبەردا ری سەرۆکایەتی هەرێم نەبن ، ئەوە دووجار کارەساتە !.**

**لەگەڵ ریزم .**